رێنمایی یەکان

| هەرێمی کوردستان ـ عیراق | Kurdistan Region - Iraq | إقليم كوردستان ـ العراق |
| --- | --- | --- |
| ئەنجومەنی وەزیران | Council of Ministers | مجلس الوزراء |
| وەزارەتی تەندروستی | Ministry of Health | وزارة الصحة |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان | | المديرية العامة للتخطيط |
| نەخۆشخانە وسەنتەرە تایبەتیەکان | | مستشفيات ومراكز اهلية |

ژمارە: ١٣٥ No:

ڕێکەوت: / /٢٧١٩ کوردی Date: 2020 / ١ / ١٢

بەڕێزان/ ... پێشمەرگە سومبوڵی نەتەوەیی وپارێزەری کوردستانە

## فەرمانی وەزاری

بەپێی ئەم دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و ڕێکخستنەوەی ئیش و کارەکانی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگا تایبەتەکان بڕیارماندا، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم فەرمانە.

١. بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی تایبەت خانەنشین بێت یان (متفرغ) بێت و ئەندامی سەندیکای پزیشکانی کوردستان بێت.

٢. پزیشکی سەرپەرشتیار لە نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگا تایبەتەکان پێویستە:

أ. هەڵگری بەڵگەنامەی عێراقی و ڕەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتیمانی بێت.

ب. پوختەی ڕاژە یان ناسنامەی خانەنشینی هەبێت.

ج. پێناسەی سەندیکای پزیشکانی نوێ کراوی هەبێت.

د. پشتگیری سەندیکای پزیشکانی کوردستانی هەبێت.

ه. نووسراوی سەربەخۆ بوون (استقالە)ی هەبێت ئەگەر سەربەخۆ (مستقیل) بێت.

٣. ماوەی بەسەرچوون دیاری نەکرێت لەسەر بڕوانامەی هەڵواسراو (شهادە الجداریە) تەنها ژمارە و بەرواری دەرچوونی بڕوانامە تۆمار بکرێت واتە بڕوانامەی نوێ ناکرێتەوە مەگەر پزیشکی سەرپەرشتیار بگۆڕێت.

٤. هەر (٢) دوو ساڵ جارێك مۆڵەتی کارکردن لە نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگا نوێ دەکرێتەوە.

٥. هەر پزیشکێك سەرپەرشتی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگای تایبەت بێت پێویستە لەناو نەخۆشخانە یان سەنتەرەکە بێت.

٦. پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت بۆ نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگای تایبەت تەنها لەدەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان/ بەشی نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان دایە.

٧. سزادان و داخستنی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگای تایبەت تەنها لەدەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستی / بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین دایە.

٨. شێوازی وەرگرتنی رسوم بۆ پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت بەم شێوازەیە:

أ. نەخۆشخانەی بچووك (ژمارەی قەرەوێڵە ١٠ – ٣٠) ٤,٠٠٠,٠٠٠ چوار ملیۆن دیناری عێراقی.

هەرێمی کوردستان ـ هەولێر / چوار ڕیانی جاهید
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٣٨٠١٤ — ٠٦٦٢٢٣٨٠١٥
www.moh-krg.org
E-Mail: it_dep_moh@yahoo.com
Kurdistan Region - Erbil / Jahid Int.
Phone: 066 223 8014 - 066 223 8015

No:
ژمارە:

Date: 2020 / /
ڕێکەوت: / /٢٧١٩ کوردی

ب. نەخۆشخانەی ناوەند (ژمارەی قەرەوێڵە (٣١ – ٥٠) ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

ج. نەخۆشخانەی گەورە (ژمارەی قەرەوێڵە ٥٠ زیاتر) ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دیناری عێراقی.

د. سەنتەر ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

ه. کۆمەڵگا ٥٠٠.٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار.

٩. نوێ کردنەوەی مۆڵەت (٢) دوو ساڵ جارێك:

أ. نەخۆشخانەی بچووك ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دیناری عێراقی.

ب. نەخۆشخانەی ناوەند ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دیناری عێراقی.

ج. نەخۆشخانەی گەورە ٤,٠٠٠,٠٠٠ چوار ملیۆن دیناری عێراقی.

د. سەنتەر ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

ه. کۆمەڵگا ٢٥٠.٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار.

**١٠. بەشی فریاکەوتن:**

أ. بەشی فریاکەوتن لەنەخۆشخانە نابێت نەخۆش وەربگرێت بەبێ ڕاپۆرتی پۆلیس.

ب. هەر نەخۆشخانەیەك مۆڵەتی بەشی فریاکەوتنی نەبوو پاشان بەنیاز بوو بەشی فریاکەوتن بکاتەوە ئەوا پێویستە ڕەزامەندی پێش وەختە وەربگرێت لەوەزارەتی تەندروستی/ بەشی نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان.

١١. بەمەبەستی نوێ کردنەوەی مۆڵەت بۆ نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگای تایبەتانەی کە پێشتر بەفەرمانی کارگێری لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی پێویستە بە گواستنەوەی دۆسیەکان بۆ وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان/ بەشی نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان.

١٢. بۆ ئەوەی زاراوەی (ئینتەر ناشیونالْ International) بەکاربێت بۆ نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگایەکی تایبەت پێویستە بەلگەنامە پێشکەش بکرێت بۆ سەلماندنی بوونی ئینتەرناشیونالْ (مەرج).

١٣. دووبارە نەبوونەوەی ناوی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

١٤. هەر سەنتەرێك کاری چاندنی قژ ئەنجام بدات پێویستە (Basic Life Support) تێدا هەبێت (ئامێری شەکرە، ئامێری پەستانی خوێن، ئەمبوباك، ئۆکسیمیتەر، کانیولا، مغزی، دەرمانی ئەدرینالین و ئەتروپین و ئەلەرمین).

١٥. لەکاتی گۆڕینی پزیشکی سەرپەرشتیار یان ئەگەر دەست لەکار بکێشێتەوە پێویستە:

أ. هەر دوو لایەنی پزیشك دەست لەکارکێشاو و دەست بەکاربوونی نوێ ئامادەبن و بەنووسراو ئاگاداری وەزارەت بکەنەوە.

ب. پشتگیری سەندیکای پزیشکانی کوردستانی هەبێت بەمەبەستی ئاگاداربوونی سەندیکا لەسەر گۆڕینی سەرپەرشتیار.

No: ژمارە:

Date: 2020 / / رێکەوت: / /٢٧١٩ کوردی

ج. پوختەی ڕاژەی پزیشکی سەرپەرشتیاری نوێ یان ناسنامەی خانەنشینی.

د. بەڵگەنامەی عێراقی یان رەگەزنامە یان کارتی نیشتیمانی.

١٦. بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابوری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەری میری ژمارە (٣٥١) لە ٢٠١٦/١/٣١ :

ا. لەکاتی دەرهێنانی مۆڵەت یان نوێ کردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگای تایبەتەکان دەبێت پاکانەی باج دەربهێنن و پێشکەشی وەزارەتی بکەن.

ب. پزیشك بەڵێننامە لەبەشی یاسایی پڕ دەکاتەوە بۆ پابەندبوون بە بوونی کلینیکی تایبەتی خۆی لەناو نەخۆشخانە یان سەنتەرە تایبەتەکان.

١٧. لەکاتی کردنەوە یان نوێ کردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگای تایبەت پێویستە نووسراو لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان دەست پێ بکات بەهێنانی لاری نەبوون.

١٨. لەکاتی کردنەوەی هەر بەشێك لەنەخۆشخانە تایبەتەکان پێویستە (بەیان فتح) لەوەزارەتی تەندروستی دەربهێنن و هەروەها نووسراوی لاری نەبوونی سەندیکای پزیشکانی پەیوەندیداری هەبێت.

د. سامان حسین بەرزنجی

وەزیری تەندروستی

٢٠٢٠/١/

**وێنەیەك بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی سەر بەوەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین و بەدواداچوون/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نەخۆشخانەو سەنتەرە تایبەتیەکان لەگەڵ بەراییەکان.
- خولاو.